گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/5rxycj46
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 20/04/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 24/07/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/12/2025

# پەروەردەی ڕەوشتی لە دیدگای ئیمێل دۆركهایمدا

**عثمان برايم حمد[1] - هەتاو كريم خدر[2]**
othmanbraim5@gmail.com - hataw.khidir@epu.edu.iq
[1] بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین، وەزارەتی پەروەردە، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2] بەشی بازاڕگەری نێودەوڵەتی و زمان، كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕی هەولێر، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

پوختە:
ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی دیدگای دۆركهایم بۆ چەمكی ڕەوشت، دیدگای دۆركهایم بۆ پەروەردەی ڕەوشتی و ئەركەكانی، ئامرازەكانی پەروەردەی ڕەوشتی لە كۆمەڵگای كۆن و تازەدا. زانینی سودی ئەم دیدگایە بۆ كۆمەڵگای تازە بە گشتی و كۆمەڵگای كوردی بەتایبەتی. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی تیۆرییە و پشت بە میتۆدی وەسفی شیكاری بەستراوە. گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكەش: ڕەوشت ڕاستییەكی كۆمەڵایەتییە، هەمو ئەو نۆرم و بەها و یاسایانەن لە كۆمەڵگادا بونیان هەیە و پێویستە لەسەر تاكەكانی كۆمەڵگا پێوەی پابەندبن. پەروەردەی ڕەوشتی فێركردن و ڕاهێنانی تاكەكانە لەسەر یاسا و نۆرم و بەها باڵا كۆمەڵایەتییەكان، هاوكات چاندنی ئەو بەهایانەیە لە ناخیاندا. ئەركی پەروەردەی ڕەوشتی دروستكردنی هاوبەستەیی و گونجانە لە كۆمەڵگادا. پەروەردەی ڕەوشتی لە كۆمەڵگای كۆن بنچینەیەكی ئاینی هەبوە، ئاین میكانیزمی پەروەردەی ڕەوشتی بوە. لە كۆمەڵگای تازەدا پەروەردەی سیكۆلار و ئەقڵانی كە دەوڵەت ڕەنگڕێژی دەكات و لە ڕێگەی دامەزراوەی پەروەردەیی و قوتابخانەوە ئاڕاستە دەكرێت، بە ئامرازی سەرەكی دەزانێت. لە ڕێگەی پەروەردەوە، دەتوانرێت بەهاكانی خۆشویستنی نیشتمان و یەكگرتویی و گیانی پێكەوەژیان و هاوبەستەیی لە كۆمەڵگای كوردیدا پەرەپێبدرێت.

**وشە كلیلەكان**: دۆركهایم، پەروەردە، ڕەوشت، پەروەردەی ڕەوشتی.

# The Moral Education from the perspective of Emile Durkheim

Othman Braim Hamad[1] - Hataw Kareem Khidir[2]

[1] Komar Basic School, Raparin General Directorate of Education, Ministry of Education, Rania, Kurdistan Region-Iraq.

[2] International marketing and languages, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq.

## Abstract

This research aims to identify the meaning of moral concept, and identify Durkheim’s perspective on moral education and its duties. Identify the mechanisms of moral education in the classical Society and new society in his viewpoint. Furthermore, this research seeks to understand the benefits of this vision to the new societies generally and Kurdish society especially. This is theoretical research that relies on the analytical descriptive method. The most important conclusions of this research are: According to Durkheim’s point of view, morality is a social fact that consists of common norms, laws, and rules applied by society, which all citizens have a duty to abide by. In Durkheim’s view, moral education involves teaching and training individuals in society's laws, common values, and behaviors, and implanting them into their souls. The most important function of morality is to create social solidarity. In old and simple societies, religion played a major role in moral education, but for the new society, it emphasizes the secular and rational education, shaped by the state and directed through its institutions (schools), was intended to replace religious moral instruction. Through the education can develop the values of patriotism, unity, and a spirit of coexistence within Kurdish society.

**Keywords**: Durkheim, Education, Moral, Moral Education.

## پێشەکی

دۆرکهایم ((Emile Durkheim ئەو بیرمەند و کۆمەڵناسەی خزمەتی گەورەی بە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی کردوە، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بیرۆکە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانە.

دۆرکهایم ڕەوشت وەکو فاکت و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات، دیاردەیەک کە پێویستە لە ناو کۆمەڵگادا توێژینەوەی دەربارە بکرێت، کەسایەتی و ئاکار و ڕەوشتی مرۆڤ لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت، شتێک نییە خۆڕسک بڕوێت لە ناخی مرۆڤدا، ئەرکی ڕەوشتیش هاوبەستەیی و گونجاندنە لە کۆمەڵگادا. پەروەردە ئەو ئامرازەیە کە سەرچاوەی چاندنی ڕەوشتە لە کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا. بە دیدی دۆرکهایم لە کۆمەڵگای کۆندا ئاین سەرچاوەی سەرەکی بونیاد و ئاڕاستەکەری ڕەوشتی بوە، خێزانیش ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردنی تاکەکان هەبوە. بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازی و تازەدا کە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و فرەیە، کاردابەشکردن لە ئاستێکی فراواندایە، تاگگەراییش تێیدا برەوی هەیە، کاتێک

بەرژەوەندخوازی تاکایەتی پەرەبستێنیت، ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبونی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی. بۆ چارەسەری ئەمەش لەبەر پێویستی خەڵک بۆ بونی بنەمایەک بۆ بیروباوەڕەکان و بەها هاوبەشەکان، دەیوست ڕەوشتێکی سیکۆلاری مۆدێرنی دابهێنێت، کە پێویستە لە دامودەزگا تازەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە ئاڕاستە بکرێت، جێگەی بەها ئاینییەکان لە کۆمەڵگای کۆندا بگرێتەوە.

1 .ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

**١-١. کێشەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە:

- ڕەوشت لای دۆرکهایم چییە و ئەرکی چییە؟
- پەروەردەی ڕەوشتی لە دیدگای دۆرکهایمدا چی دەگەیەنێت و ئەرکی چییە؟
- زانینی ئامرازەکانی پەروەردەی ڕەوشتی لە کۆمەڵگای کۆن و تازەدا، لە دیدگای دۆرکهایمدا.
- لە دیدگای (دۆرکهایم)ەوە پەروەردەی ڕەوشتی چی گرنگییەکی بۆ کۆمەڵگەی تازە بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی هەیە؟

**١-٢. گرنگی توێژینەوەکە:**

خستنەڕوی مانای ڕەوشت و تێگەیشتنی دۆرکهایم بۆ ئەم چەمکە، پاشان گرنگی پەروەردە و دامودەزگای پەروەردەیی لە بونیادنان و گەشەی ڕەوشتیدا، گرنگ و پڕبایەخە، لە کاتێکدا نوسین و توێژینەوە بە زمانی کوردی لەسەری کەمە. دەتوانین بڵێین گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

سەرچاوەیەکی باشی مەعریفییە بۆ کۆمەڵناسان و پەروەردکاران و خوازیارانی مەعریفەی پەروەردەیی و ئەوانەی توێژینەوە لەو بوارانەدا دەکەن.

سودوەرگرتن لەو دیدگایە بۆ پەروەردەی ڕەوشتی و ئامرازەکانی گەشەپێدانی بۆ کۆمەڵگای تازە و ئێستای کۆمەڵگەی کوردی.

١-٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. زانینی دیدگای دۆرکهایم بۆ چەمکی ڕەوشت.

٢. زانینی دیدگای دۆرکهایم بۆ پەروەردەی ڕەوشتی و ئەرکەکانی.

٣. زانینی ئامرازەکانی پەروەردەی ڕەوشتی لە کۆمەڵگای کۆن و تازەدا، لە دیدگای دۆرکهایمدا.

٤. زانینی سودی ئەم دیدگایە بۆ کۆمەڵگای تازە بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی.

٢. چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

٢-١. پەروەردە Education لە ڕوانگەی ئەرکگەرایییەکانەوە: بریتییە لە کردە یاخود پرۆسەیەک کە لە ڕێگایەوە زانست، لێزانی، لێهاتویی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت یان ئاکاری شیاو فێری تاک دەکرێت (کۆهێن، ٢٠١٤، ٢٢٥).

لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە پەروەردە: پرۆسەی گواستنەوەی نۆرم و بەهاکانە لە نەوەی پێشوەوە بۆ نەوەی داهاتو، بە مەبەستی دروستکردنی گیانی هاوکاری و گونجان لە گروپ و کۆمەڵگادا، یاخود دروستکردنی لینک لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا( ,Haralambos, 2004١٧٢).

٢-٢. ڕەوشت (**Moral):**) بریتییە لە هەر ڕەفتارێکی ڕاست یاخود باش و بە سود. یان بریتییە لە کردەیەکی دروست، سەپێنراو، دادگەری، هەروەها چەند بنەمایەکی فۆرمەلە کراوە کە مرۆڤ ئاراستە دەکات بۆ بڕیاری ڕاست لە ژیانی تایبەت یاخود گشتیدا (٦ Arulsamy, 2013,) .

جۆناتان هایدت Jonathan Haidt)) (١٩٦٣): بریتییە لە کۆمەڵێک بەها، چاکە، نۆرم، کردە، ناسنامە، یاسا و ڕێسا و کۆمەڵێک میکانیزمی دەرونی کە بەیەکەوە کار  دەکەن بۆ تێپەراندنی خۆپەرستی، چڕ کردنی هاوبەستەیی یاخود ڕێکخستن و دروستکردنی گیانی هاوکاری و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگادا (.Haidt, 1963, 314)

لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە ڕەوشت: دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی، کە  لەلایەن کۆمەڵگاوە بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنرێت، یاخود لە دەرونی تاکەکاندا دەچێنرێت، کردار و ڕەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکات، کە دەبنە مایەی هاوبەستەیی و بەردەوامی کۆمەڵگا ( ,Durkheim, 2010٤٠).

٢-٣. پەروەردەی ڕەوشتی (**Moral Education**): دۆرکهایم لە کتێبی (Moral Education)، دەریدەخات مەبەست لە پەروەردەی ڕەوشتی: بونیادنانی ڕەفتاری تاکەکانە، بەشێوەیەک گونجاوبێت لەگەڵ بەها و نۆرمە ڕەوشتییەکان بەپێی کات و گۆڕانکارییەکان، بە واتایەکی دیکە گەشەپێدانی ڕەفتاری ڕەوشتی مرۆڤە بەگوێرەی کات و سەردەمی دیاریکراو، کە یەکگرتوی و بەردەوامی لە کۆمەڵگادا وەدیدێنێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی پەروەردەوە لە کەسایەتییاندا بچێنرێت ( ,Durkheim, 1968١٢, ١٥) .

٣. ڕەوشت لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە

ڕوانگەی جیاواز هەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشت، هەندێک وایدەبینن کە مرۆڤ لەگەڵ نیاز و پێویستی بە ڕەوشت، لەدایک دەبێت؛ هەندێکی تر وا لێی دەڕوانن کە ئەم نیازە بە درێژایی مێژو دروست بوە و سەری هەڵداوە. بە بڕوای دۆرکهایم باشترین ڕێگای لێکدانەوەی بنەما ڕەوشتییەکان، هەروەک زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەیە. پێویستە کۆمەڵناسی وەکو زانستێکی ڕاستەقینە بە تاوتوێکردنی پێوانە و بوارگەلێکەوە خەریک بێت کە ڕەوشت دروست دەکەن، چونکە ڕەوشت و ئاکار لە جێگایەکدا کە مرۆڤی تێدا نەبێت، لە بۆشایی و چۆڵاییدا لەناودەچێت و مانای نامێنێت (دیلانی، ٢٠١٦، ٣٠٥). ئەمەش بەو واتایەی ڕەوشت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵناسی دەتوانێت شیکاری ورد و دروستی ئەو دیاردەیە بکات ( ,Durkheim, 1938٩٦).

ڕەوشت و چاکەکارییەکان بە هەمو شێوەکانی هەرگیز بەیەکەوە کۆنابنەوە، مەگەر لە کۆمەڵگادا نەبێت، ئەم پێکهاتەیەش بە گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت( ,Durkheim, 1938٣٣٩) . ڕەوشت وا لە مرۆڤ دەکات ئامادەییەکی دیاریکراوی هەبێت بۆ پابەند بون بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنی، چونکە ئەوە ڕەوشتە ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکات، چاکی دەکاتەوە، ڕێکیدەخات، ( Durkheim, 1968, 34

بەڕای دۆرکهایم، مرۆڤەکان بونەوەرگەلێکن بە دونیایەک ئارەزوی بێسنورەوە. ئەوان بەپێچەوانەی بونەوەرانی تر بە دەستەبەربونی پێداویستییەکانی ژیانییان تێرنابن. مرۆڤ تا زیاتری هەبێت زیاتر داوا دەکات، دابینبونی هەر پێداویستییەکی لە جیاتی کەمبونی ئارەزوەکانی، کۆمەڵێك پێداویستی تازە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەم تێرنەبونە سروشتییەی مرۆڤ

وەها دەردەکەوێت، کە ئارەزوە مرۆییەکان دەتوانریت بەهۆی چاودێرییە دەرەکییەکانەوە، واتە بەهۆی چاودێرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەبێت قورسە کۆنترۆڵ بکرین. بەجۆرێک هەر تاکێک لە سنوری خۆیدا کەم تا زۆر دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە تا چ ڕاددەیەک دەتوانێت خەونەکانی بەرجەستە بکات (کۆزەر، ٢٠٢٠، ١٠٧). لێرەشدا لەگەڵ ئیبن خەلدوندا وێکچونی فیکرییان هەیە، کە جەخت لە کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ دەکاتەوە و پێیوایە کۆمەڵگا سەرچاوەی بەها شارستانییە بەرزەکانە، وادەکا مرۆڤ بچێتە ئاستێکی بەرزتر لە ئاژەڵان (فوئاد بەعلی، ٢٠٠٦، ٥٣). چونکە ڕەوشتی بونی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵایەتییە، وا دەکات تاک لە کۆمەڵگادا پەیوەندی بە ئەوانی ترەوە بکات و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەبێت (موحسنی، ٢٩٩٥، ١٦٦).

لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە، سروشتی مرۆڤەکان بنچینەی ئەم تایپۆلۆجییە پێکدەهێنێ، کە بە (homo duplex) وەسفیان دەکات، واتە بونەوەرانێک کە لەنێوان لایەنی کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتیدا دابەشبون. بزوێنەری مرۆڤەکان کۆمەڵێک هێزی ڕاکێشانی تێرنەبون کە دەبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە سنوردار و کۆنترۆڵ بکرێن. دۆرکهایم وا بیری دەکردەوە کە بۆ بەدەستهێنانی هاودەنگی ڕێژەیی دەبێ لە نێوان دەستەبەرکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکان و ئەنجامدانی ئەو لێپرسراوێتییانەدا کە کۆمەڵگا داوای دەکات، هاوسەنگییەکی نەرم بەرقەراربکرێت. هەر جۆرە هاوئاهەنگییەک لەنیوان تاک و کۆمەڵگادا پێویستە لە ئەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان بکەوێتەوە، بە تایبەت لەو ڕەوشتەوە کە بە یارمەتی کۆمەڵگا تایبەتەکان بەدیهاتوە و بەهاگەلێک فێردەکات، کە هەم پەسندکراوە و هەم ئەرکە و دەبێت جێبەجێبکرێت (پیترکیڤیستۆ، ٢٠٢٢، ٢٣٨). هاوکات دۆرکهایم، دو لایەنی پێکهێنەری و تەواوکەری ڕەوشت جیادەکاتەوە، ئەوانیش:

١. ئەرک(Duty): ئەو لایەنەی ڕەوشتە فەرمانمان پێدەکات و ئاڕاستەمان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمەش جێبەجێیبکەین، لەبەرئەوەی دەسەڵات و هێزی هەیە، کۆمەڵگا بەسەرماندا دەسەپێنێت و سنورێک بۆ مەیلی سروشتیمان دیاری دەکات (پیترکیڤیستۆ، ٢٠٢٢، ٢٣٨). ئەمەش هەمو ئەو یاسا و نۆرمانەن کە لە کۆمەڵگادا ئاڕاستەمان دەکەن، ڕەوشتی کۆمەڵگا ڕێکدەخەن. واتە هەر کۆمەڵگایەک خاوەن ڕەوشتێکی دەستەجەمعین و هەموان هەڵگر و هاوبەشن تێیدا (Durkheim, 2010, ٤٠). ئەم لایەنەی ڕەوشت فەرمییە وەکو کۆنترۆڵی دەرەکییە و تاک پابەند دەکات کە هەڵسوکەوتییان گونجاوبێت لەگەڵ کۆمەڵگادا، کاتێکیش یەکێک هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پێچەوانە بێت یاسا سزای دەدات. دۆرکهایم ئەمە بە پێویستی دەزانێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا، پێیوایە دەبێت سیستمێکی ڕێکوپێک و ڕون هەبێت بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا، چونکە ناتوانریت تەنیا پشت بە لایەنی چاکە ببەسترێت، کە هەست و سۆزی تاکەکانە.

٢. چاکە(Good): لایەنێکە یاخود ڕەگەزێکە وەکو خواستێکە لە ئێمەدا، کەمەندکێشی ئیرادەمان دەکات بۆ لای خۆی و مەیلی ئێمەش بۆ ئەنجامدانی خێراتر دەکات. لێرەدا کۆمەڵگایە کە واقعێکی دەوڵەمەندتر لە خودی تاکەکەسیماندا چێ دەکات (Durkheim, 1968, ٩٦). ئەمەش پەیوەستە بە ویژدانی هەر تاکێکەوە، واتە هەر تاکێک تاڕاددەیەک هەڵگری ڕەوشتێک تایبەتی خۆیەتی لە پاڵ ڕەوشتی دەستەجەمعی، هەر یەکێک خاوەنی ژیانێکی ڕەوشتی ناوەکی تایبەتی خۆیەتی، هیچ ویژدانێکی تاکەکەسی بە تەواوی ویژدانی دەستەجەمعی ڕەوشتی وەرناگرێت. کەواتە دەکرێت بوترێت هەریەک لە ئێمە لە هەندێک لایەنەوە بێ ڕەوشتیمان هەیە (Durkheim, 2010, ٤٠). ئەم لایەنەی ڕەوشت کۆنترۆڵی ناوەکی

تاکە، ویژدانی تاکە کە لە ڕێگەی پەروەردەوە بونیاددەنرێت و لە ناخی تاکدا دەچێنرێت، ئەگەرچی لایەنێکی ئارەزومەندانەیە، بەڵام دەبێتە پاڵنەرێکی ناوەکی بەهێزی پابەندکردنی تاک بە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.

یەکێک لە باس و توخم و تەوەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی دۆرکهایم پەیوەست بە ڕەوشت، نیگەرانی ئەو بوە لە لاوازبونی ڕەوشتی گشتی. گشت یاسا و ڕێسا ڕەوشتییەکانیشی بە بەربەستێکی زەینی بۆ سنوردارکردن و کۆنترۆڵکردن دەزانی، لێرەشدا وەک سۆسیالیستەکان باوەڕی وابو کە پارە و سامانی زۆر، دەبێتە سەرچاوەی بێڕەوشتی. بە بۆنەی ئەو هێز و دەسەڵاتەوە کە پارە و سامان بە تاکەکانی مرۆڤی دەبەخشێت، توانای هەر جۆرە ڕوبەڕوبونەوە یاخود بەرهەڵست و دژوەستانەوە لەگەڵ ئەو کەسە دەستڕۆیشتوانە کەمدەبێتەوە. بەم پێیە وادیارە کە دۆرکهایم دژی بەهرەمەندی خەڵک لە ماڵ و سامانی زۆر بوە و دەوڵەمەندی زۆری بە هۆکاری بێڕەوشتی دەزانی (دیلانی، ٢٠١٦، ٣٠٧). لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای ئەو بە پیشەییبون بوە هۆی ئەوەی کە هەست و نەستی مرۆڤەکان لە کۆنترۆڵ دەربچن، واتە لەگەڵ بە پیشەسازیبون و ئاڵۆزبونی کۆمەڵگا ئیش و کار دابەشبو و سەرەنجامیش سەرمایەداران و ساماندااران زۆربون، خەڵکی لەیەکتر جیاکردەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شلۆق و لاوازکرد. ئەم دۆخە کە کۆمەڵگا ڕوبەڕوی دەبێتەوە دۆرکهایم ناوی دەنێت نۆرمپەشێوی (Anomie) بە واتای (بێ قانونی و بێ یاسایی). (تیم دیلانی، ٣٠٧).

کاتێک خەڵک هەست بە نۆرمپەشێوی بکەن، بۆ ئاکار و کردەوەی نالەبار و کاری چەوت و خراپ هاندەدرێن. دۆرکهایم نۆرمپەشێوی بە یەکەم هەنگاوی ناسینی نەخۆشی کۆمەڵایەتی، یاخود یەکەم هەنگاوی خەسارناسی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەزانێت. خەڵک کاتێک لەگەڵ نۆرمپەشێوی ڕوبەڕودەبنەوە، کە هیچ جۆرە ئاستەنگێکی ڕەوشتی گونجاو یاخود هیچ بەربەستێکی قەناعەت پێکراویان بۆ کار و کردەوەی خۆیان نەبێت (دیلانی، ٢٠١٦، ٣٠٨). لێرەوە دۆرکهایم، ویستویەتی کۆمەڵناسی وەکو زانستێک ڕۆڵی گرنگ بۆ ڕاڤەی بونیادە نوێیەکانی هاوبەستەیی و دیاریکردنی دوبارەی پایە ڕەوشتییەکانی شیرازەی کۆمەڵایەتی نوێدا بگێڕێت، کە پیشەسازی وەکو شتێکی پێویستی لێکردبو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە جێی خۆیەتی بوترێت کە لە یەک کاتدا کۆمەڵناس و مامۆستای ڕەوشت بوە (پیترکیڤیستۆ، ٢٠٢٢، ٢٢٣).

وەک دەردەکەویت دۆرکهایم ڕەوشتی وەکو ڕۆحی کۆمەڵگا وینا کردوە، چونکە ڕەوشت سنور بۆ چاوچنۆکی ویست و خواستەکانی مرۆڤ دادەنێت، بە واتایەکی تر کاتێک پابەندی ڕەوشتی لە کۆمەڵگادا لاواز ببێت سنورێک بۆ چاوچنۆکی مرۆڤ نامێنێت، ئەمەش دۆخی نۆرمپەشێوی دروستدەکات و کۆمەڵگا بەرەو نادادی و ناسەقامگیری دەبات. لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگاشدا پێویستە گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە بەها و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگاشدا بکرێت.

لە ئێستاشدا کە سیستمی سەرمایەداری هەوڵی ستایشکردنی کۆکردنەوەی سامان و خاوەن سامانی زۆر دەدا، کە بە بڕوای دۆرکهایم هۆکاری سەرەکی نۆرمپەشێوی و لاوازکردنی ڕەوشتی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگای کوردیش لەگەڵ ئەم سیستەمە ڕوبەڕوە و لێکەوتەکانی هەر بەو جۆرەی دۆرکهای وێنای کردوە دەردەکەوێت، پێشبڕکێ لە دەستگەیشتن بە سامانی زۆر و زیاتر بوەتە ئامانجی خەڵک، بە چاوی بەرز و بەرزترەوە سەیری دەوڵەمەند و خاوەن سامانی زۆر دەکرێت، ئەمەش وای کردوە هەوڵی بە دەستهێنانی سامانی زیاتر بە هەر جۆرێک لە دەرەوەی یاسا و و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییە باڵاکان زیاتر ببێت، گەندەڵی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەرەبستێنێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش فرەتربن. لێرەدا گرنگی ڕوانگەی دۆرکهایم دەردەکەوێت و دەستگیرۆییمان دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشە و دیاردانە لە کۆمەڵگای تازە بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی، کە ڕەوشت و گەشەپێدانی گرنگترین فاکتەری گێڕانەوەی ڕۆح و سەقامگیری کۆمەڵگا و گێڕانەوەی بەهایە بۆ مرۆڤ. ئەمەش بەوە بەدیدێت لە لایەکەوە یاسا و ڕێسا و بەهاکان کە پابەندکەری

دەرەکی و ویژدانی دەستەجەمعییە لە کۆمەڵگادا، لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنە ماددییەکاندا گەشەیان پێبدرێت. لەلایەکی تریشەوە چاکە کە پەیوەستە بە ناخی مرۆڤ و ویژدانی تاکەوە لە تاکەکانی کۆمەڵگادا گەشەیپیبدرێت بە جۆریک کە تارادەیەکی زۆر تەریب و تەبابێت لەگەڵ ویژدانی دەستەجەمعی و پابەندی یاسا و بەها و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بێت.

٤. پەروەردە و گەشەی ڕەوشتی

پەروەردە لە دیدگای دۆرکهایمدا ئەوەندە گرنگە، کە پێیوایە دەتوانێت خزمەتێکی کارای بونیادنانەوەی کۆمەڵگا بە ئەنجام بگەیەنێت (کۆزەر، ٢٠٢٠، ١٤٢)، چونکە لە ڕێگەیەوە نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی تازە(Haralambos, 2004, ١٧٣) . بە بڕوای ئەو مرۆڤ بەبێ وەدەستهێنانی خو و هێما کولتورییەکان نابێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش پەروەردە بە ئەنجامی دەگەیەنێت(Durkheim, 1938, ٤٢٣)، لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت نەوەی تازە فێربکرێت چۆن ببینێت، هەست بکات و کردە بنوێنێت، کە ناتوانێت لە خۆیەوە فێری ببێت(Arulsamy, 2013, ١٩٧) . پەروەردە دەبێت وەڵامگۆی پێویستییەکانی ژیان بێت، بە جۆرێک کە پەروەردە کار لەسەر بونیادنانی عەقڵێکی کامڵ بکات، بەو واتایەی پەروەردە مرۆڤێکی عاقڵمەند دروست بکات. لێرەشدا زیاتر جەخت لە قوتابخانە دەکاتەوە وەکو بکەری ئەم پرۆسەیە، کە پێویستە لە قوتابخانەدا گەشە بە هۆشیاری قوتابییە منداڵەکان بدرێت بۆ ئەوەی خاوەنی بیرکردنەوەی ڕون بن. بۆ بەدیهێنانیشی پێویستە میتۆد و ئامرازی گونجاو و کاریگەر بەکاربهێنرێت (دورکم، ٢٠٠٢، ٤٧١-٤٧٢).

ئەگەرچی دۆرکهایم ڕەوشت وەکو دیاردەیەکی لەمێژینەی مێژوی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، بەڵام پەروەردەی سیکۆلار چەند سەدەیەکە و بەردەوامی هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەو گوتەیەدا نییە کە مرۆڤی سەرەتایی خاوەنی ڕەوشت نەبوبن، بەڵکو هیچ گەلێک نەبوە خاوەنی ڕەوشت نەبێت. تایبەتمەندی ڕەوشتیشیان ئەوەبوە کە لە بنچینەدا ئاینی بوە. مەبەستیش لەوە گرنگترین ئەرکی مرۆڤەکان بەرامبەر یاخود لەگەڵ مرۆڤەکانی تر نەبوە، بەڵکو لەگەڵ خوداوەندەکاندا بوە. واتە لەو هەلومەرجەدا پەروەردەی ڕەوشتی دەتوانرا لە بنەڕەتدا تەنیا ئاینی بێت. (Durkheim, 1968, ٦). لەو سەردەمەدا کۆمەڵگاکان خودای تازە و ئاینی تازەیان داهێناوە کاتێک یەکگرتو بون و هەستیان بە سەقامگیری کردوە ( Abraham, 2008, ٢٠٧). بە بڕوای دۆرکهایم ئاین تاکەکانیان لەسەر کۆمەڵێک بەها پەروەردە کردوە، بۆ ئەوەی هەست بە پەیوەندییان لەگەڵ شتێک لەسەرو خۆیان (خودا) بکەن، ئەوەش وەهم نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان خۆیانە، واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە بەشێکن لێی لە پەرستنی خودای خۆیاندا خەریکی پەرستنی کۆمەڵگان. بۆیە کاتێک دایک و باوک ڕێز گرتن لە خودا لە منداڵدا دەچێنن، ڕێزگرتن لە کۆمەڵگا دەچێنن ( Mohan, 2014, 65.)

دوای ئەوە دۆرکهایم لە کۆمەڵگای تازەدا لە باسی ڕەوشتدا، باس لە سیستەمی یاسایی وەکو ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئامرازی کۆنترۆڵی دەرەکی تاکەکانە، بەڵام دواتر نیگەرانی خۆی دەخاتەڕو لەوەی، کە یاساکان تەنیا وەکو ئامرازێکی دەرەکی کاریگەریان لە ئاڕاستە و کۆنترۆڵی تاکەکانە، لە کاتێکدا نابێت ئەو یاسا ڕەوشتییانە تەنیا وەکو ئامرازێکی ئاڕاستەکەر و کۆنترۆڵی دەرەکی بن، بەڵکو دەبێت بخزێنرێنە ناوەوەیان، ئەوەش پێویستی بە هۆشیارکردنەوەیان هەیە، کە لە ڕێگەی پەروەردەوە دەکرێت، هاوکات جەخت لە پێویستی پابەندبونی تاکەکان دەکاتەوە، ئەمەش بە پابەندبونێکی ڕەوشتی دەزانێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە لە دیدی دۆرکهایمدا کۆمەڵگا شتێکی ئەولاتر لە ئێمەیە و بەشێکە لە خودی

ئێمەش(Coser, 1996, ١٢٩) . بەو واتایەی ئەوە کۆمەڵگایە لە ڕێگەی پەروەردەوە دەتوانێت ئەو بەهایانە لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگادا بچێنێت و مرۆڤی خاوەن بەهای باڵا بونیادبنێت.

بە پێویستی دەزانێت لە کۆمەڵگای ئێستادا لە ژێر چاودیری و سەرپەرشتی دەوڵەت کار لەسەر پەروەردەیەکی ڕەوشتی سیکۆلار بکرێت، تێگەیشتن لەمەش گرنگە، کە واتای پەروەدە و فێرکردنێکە لە دین و سروشەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەسەر بنچینەی بیرۆکە و هەست و کردارەکان کە وەڵامگۆی ئەقڵانین بونیاددەنرێت، بە کورتی پەروەردەیەکی تەواو ئەقڵانی( . (Durkheim, 1968, 3جەختیش لە گرنگی قوتابخانە دەکاتەوە لە گەشەی پەروەردەی ڕەوشتی، پێیوایە پێویستە پەروەردەیەکی تەواو ئەقلانی بێت، بەگوێرەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەردەم دابنرێت و پەروەردەی ڕەوشتی نەوەکانی کۆمەڵگای لەسەر بونیاد بنرێت(Durkheim, 1968, ٤).

دۆرکهایم هەتا لە توێژینەوە ئاکاری و بەهاییەکانیدا باس لە خۆکوشتن دەکات، پێیوایە تا دامەزراوە پەروەردەییەکان چالاکتر بن ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگا باشتر کۆنترۆڵ دەکرێن. بە پێچەوانەشەوە گیانی تاکگەرایی خودپەرستی بەسەریاندا زاڵ دەبێت، لەو دۆخەشدا بەگوێرەی ویست و ئارەزوە تایبەتەکانییان هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو هەڵسوکەوتە دور لە پێوەرە ڕەوشتی و ڕێسا کۆمەڵایەتییانە دەبێتە هۆی دروستبونی پەشێوی لە کۆمەڵگادا(Coser, 1996, ١٢٩). ئەو بۆ کۆمەڵگای تازەش دامودەزگا پەروەردەییەکان بە سەرچاوەی بونیادی ڕەوشتی دەزانێت، تا ئەو دامودەزگایانەش چالاکتر بن ڕەوشتیش لەگەڵیدا گەشە دەکات، ئەمەش واتا پابەندبون بە یاسا و ڕێسا و بەها کۆمەڵایەتییە باڵاکان زیاتر دەبێت.

کەواتە لە دیدگای دۆرکهایمدا، پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگی بونیادنانی کۆمەڵگایە، ئەوە پەروەردەیە مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ گۆڕانکاری سەردەم و بە گوێرەی جیاوازی کۆمەڵگاکانیش پێویستی بەگۆڕانکارییە. لە کۆمەڵگای تازەشدا دام و دەزگا پەروەردەییەکان (قوتابخانە) بەشێکی زۆری ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. جیاواز لە کۆمەڵگەی میکانیکی و کۆن کە خێزان و ئاین تەواوی ئەو ڕۆڵەیان دەگێڕا. هەرچی بەها و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بوە، لەوانەوە سەرچاوەیان گرتوە و بە منداڵەکانیان گەیاندوە. بۆیەش پێویستە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە کۆمەڵگای سەردەم و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکاندا، چەمک و مانای نوێ بۆ بنەماکانی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست دابڕێژن.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پێویستە ڕەگەزەکانی پەروەردە و فێرکردنی سەردەم تەیار و ئامادەبکرێن. هەرچی پرۆگرامەکانە کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانە، پێویستە بە تەواوی بابەتی ڕەوشتی کۆمەڵگایان تێدا جێبکرێتەوە، واتا لەخۆگری پەیامی ڕەوشتی کۆمەڵگا بن. پاشانیش مامۆستایان وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن ئامادەبکرێن بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە ڕەوشتییانە و گەشەپێدانی هۆشیاری قوتابییان، کە نەوەی داهاتوی کۆمەڵگا و مایەی بەردەوامی مانەوەی کۆمەڵگان.

٥. ئەرکی پەروەردەی ڕەوشتی:

دۆرکهایم هاوبەستەیی و گونجانی کۆمەڵایەتی بە فاکتەری بەردەوامی کۆمەڵگا دەزانی (امیری و دولت آبادی، ٢٠٠٩، ١١). پەیوەستیشی دەکاتەوە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەتایبەتی پەروەردە، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا، نۆرم و بەها هاوبەشەکان چێ بکات، سەرەنجام گونجان و یەکگرتویی کۆمەڵایەتی بەدیبێنێت. واتا ئەرکی گرنگی دامەزراوەی پەروەردەیی، پەروەردەی ڕەوشتی تاکەکانە لە چوارچێوەی نۆرم و بەها هاوشەکانی کۆمەڵگا.

لای دۆرکهایم وێنەیەکی کۆمەڵگا کە تێیدا گروپ و تاکەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کەم تا زۆر پێشبینیکراو کارلێک دەکەن، واتای هاوبەستەییە. بە نزیکەیی پێچەوانەی ئەم چەمکە دەکرێت چەمکی نۆرمپەشێوییە کە دۆرکهایم بەکاریهێناوە، دۆخێکە نۆرمەکان، یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان تێیدا پابەندکەرنین (امیری و دولت آبادی، ٢٠٠٩، ١٤).

دۆرکهایم پێیوایە پابەندی ڕەوشتی ڕەوتی ژیانێکی ئاسایی بەردەوام و ڕێکوپێک بۆ تاکەکان و کۆمەڵگا وەدی دێنێت. بە پێچەوانەوە کاتێک تاکەکان لە ڕوی ڕەوشتییەوە ناتەواو بن و پابەندی ئەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییانە نەبن دەبنە هۆی دروستبونی پەشێوی و نارێکی و پەرتبونی کۆمەڵگا(Durkheim, 1968, ٣٤). ئەو لە دو ڕەهەندەوە سەیری مرۆڤی دەکرد، کە لە لایەکەوە خاوەنی جەستە، حەز وئارەزوە و لە لایەکی ترەوە خاوەنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام مرۆڤ تەنیا لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە شێوەی مرۆڤ بەخۆوەدەگرێت، تەنیا لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە دەتوانێت بە واتای تەواوەتی خۆی بگات. لەم ڕووەوە، کردەی ڕەوشتی ڕاستەقینە، خۆی لە بەختکردنی هەندێک لە حەز و ئارەزوە تاکەکەسییەکان بۆخزمەتکردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەبینێتەوە. وەها خۆبەختکردنێک دواجار هەم بە قازانجی تاک و هەمیش بە قازانجی کۆمەڵگا تەواو دەبن، چونکە حەز و ئارەزوە کۆنترۆڵنەکراوەکان زۆرجاران بێهیوایی و ناخۆشییان لێدەکەوێتەوە، تا کامەرانی و خۆشبەختی (کۆزەر، ٢٠٢٠، ١١٦).

بە دیدی دۆرکهایم ڕەوشت ئەوەندە سادە نییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی وەک کۆمەڵگا تازە و پیشەسازییەکان، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە(Durkheim, 1968, ١٧٣). ئەو لە واتایەکی گشتگیرتردا بەڵگەی دەهێنایەوە، بەوەی کە گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی دابەشکردنی کارەوە سەریان هەڵداوە، خۆی بۆ خۆی بۆ دامەزراندنی بنچینەی نویی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی بەس نییە. ئەوەی کە زیاتر لەمە پێویستترە بنچینەیەکی نوێیە بۆ ڕەوشت، دۆرکهایم ئەو بنچینەیە لەوەدا کە لیزئان تۆل بە "نمونەی تاگەراییانەی گەشبینانە" پێناسەی کردوە، دەدۆزێتەوە. ئەم نمونەیە شوێن ڕەوشتی کۆن دەگرێتەوە، کە کەم توانایە، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئامێرێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرەستە شاراوە نەرێنییەکانی تاگەرایی خۆپەرستانەی لێکترازاو (پیترکیڤیستۆ، ٢٠٢٢، ٢٥٢).

لیرەدا دۆرکهایم ڕونی دەکاتەوە کە کۆمەڵگای ئۆرگانێک لەگەڵ دابەشکردنی کاردا، کەسایەتی تاکەکان دادەڕێژێتەوە، بەجۆرێک، کە خۆی ناوەند و خاوەن فکر و کاری جۆراوجۆر و جیاواز و سەربەخۆ بەشێوازی جۆراوجۆر بێت. بەرمەبنای ئەمە، تاک کەسایەتییەکی دیار و تایبەتی هەبێت، هاوکات پەیوەستیش بن بەیەک لە میانەی پەیوەندی و بەها و پیشەی دیاریکراوەوە. ئەمەش وێنەی تاگەرایی و هاوبەستەییە، کە مرۆڤ لە تاکێکی ئەبستراکەوە دەباتە ناو کۆمەڵێک هاوبەستەیی دیکە لە ڕێگەی دابەشکردنی کارەوە(Durkheim, 1968, ٩١) . ئەو پرۆسەی تاکخوازی لە کۆمەڵگای تازەدا بەشتێکی ناچاری دەبینی و هیچ ڕێگایەک بۆ گەڕانەوەیان بەرەو شێوازێک کە لەسەر ویژدانی گشتی دامەزراون، بەو مانایەی کە لە ڕابردودا باو بوە نەدەبینی. بە بڕوای ئەو شێوازێکی تازە لە ویژدان لەم کۆمەڵگا مۆدێرن و تازانەدا زاڵ دەبێت، کە لە سەر ئاینی تاکەکەسی دادەمەزرێت. ئەو ئاینە بە ئاینی مرۆڤیی یاخود ئاینی کەسایەتی ناودێر دەکات، بە جێنشین و ئاینی خودایی لەم کۆمەڵگایانە دەزانێت. واتا ئەم ئاینە مرۆڤییە تازەیە بۆ چاودێری ڕەفتار و کردەوەی بەشەر، هەمان ئەرک و کارکردی ئاین لە کۆمەڵگا کۆن و سوننەتییەکان و ئەستۆدەگرێت (دیلانی، ٢٠٠٩، ٣٢٣). چونکە بە تێڕوانینی دۆرکهایم، کۆمەڵگا پێویستی بە ناسنامە و بیروباوەڕێکی هاوبەشی بەردەوام هەیە، لەلایەکی تریشەوە ڕێزگرتن لە هەمو تاکێک وەکو بەشێک لە دەستەجەمعێک نەک وەکو تاکێک، هەروەها هەر تاکێکیش ڕێز لە خود بگرێت وەکو

فکرێک و نوێنەرایەتییەکی دەستەجەمعییە. بەم شێوەیە هەم ئازادی تاک و هەمیش هاوبەستەیی و یەکگرتویی دەستەجەمعی دەستەبەر دەبێت. واتە کاتێک مرۆڤ بەهۆی دیسپلینی ڕەوشتییەوە سنوردار دەبێت، بەڕاستی کۆمەڵگایە ئەو سنورە دادەنێت. لێرەدا کۆمەڵگا وەک بونەوەرێکی زیندوە کە هەندێک سنورمان بۆ دیاری دەکات، کاتێکیش مرۆڤ لە گرنگییەکەی تێدەگات و دەزانێت چۆنیش دەچێتە سەرو هێز و وزە ڕەوشتییەکەی تاک، ئیدی نیگەران نابێت و دژبەری ناکات( . (Durkheim, 1968, 91-92 واتا دۆرکهایم دژ بە ئازادی تاکەکان نییە و گرنگی تاکیش لەم بابەتەدا نادیدەناگرێت، بەڵکو ئەو دەکۆشێت بۆ ئەوەی لە نێوان بانگەشە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکاندا باڵانسێک ڕابگرێت.

دۆرکهایم بۆ پەروەردە و بونیادنانی ڕەوشت ڕای وایە، لە کۆمەڵگا سادەکاندا پەروەردە بەبێ مەبەست و ئامانجی پێشوەختە و پلان و ڕەنگرێژی هۆشیارانە لە ڕێگەی خێزان و پەیوەندی هاوبەشی نێوان گەورە ساڵان و منداڵ و گەنجانی نەوەی تازە جێبەجێ دەکرێت، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای تازەدا پەروەردەی سیکۆلار کە پێویستە دەوڵەت بەرنامەڕێژی و ڕێکخەری بێت، لە ڕێگەی قوتابخانەوە ئاراستە بکرێت بە میکانیزمی سەرەکی دەزانێت. بۆ ئەو پەروەردە و فێرکردن بابەتی تەواو کۆمەڵایەتین، ئەمەش لەو پێناسەیەی دۆرکهایم بۆ پەروەردە کردویەتی بە ڕونی دەردەکەوێت: پەروەردە کردارێکە کە نەوەی گەورەساڵان لەسەر جیلێک کە هێشتا تەواو بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە نین بە ئەنجامی دەگەیەنن، بە ئامانجی گەشەپێدانی بە لێهاتویی و توانا جەستەیی و فیکری و ڕەوشتیەکانی. واتە کۆمەڵگا مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی دەکات و بونێکی نوێ لە هەر یەکێکماندا دروست دەکات. پرسێکی زۆر بنەڕەتی و ژیانییە لە پاراستنی نەزم و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی و بەردەوامی کۆمەڵگادا. واتا دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە تاکەکان ئامادە بکرێن ڕۆڵ بگێڕن لە کۆمەڵگادا و ئەرکەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، سیستەمی کۆمەڵایەتیش بە پشت بەستن بەو ئەرکانە دامەزراوتر و بەردەوام بێت، هاوکات خەڵک بەپێی خواستی خۆی وەکو پابەندییەکی ڕەوشتی مامەڵە بکات (امیری و دولت آبادی، ٢٠٠٩، ١٦).

ئەو لە تەمەنی کەماڵدا بۆی دەرکەوتبو، کە تەنیا کاتێک ئەندامانی کۆمەڵگایەک پشت بە زنجیرەیەک نوێنەرایەتیکردنی سیمبولیکی هاوبەش و هەروەها گریمانەگەلێکی هاوبەش دەربارەی جیهانی دەوروبەریان ببەستن، دەتوانریت گەرەنتی یەکڕیزی ڕەوشتییان بکریت. ئەو باوەڕی وابو کە بەبێ وەها بیروباوەڕگەلێکی هاوبەش، هەر کۆمەڵگایەک چ تازە، چ کۆنە، مەحکومە بە نەمان و لێکهەڵوەشانەوە (کۆزەر، ٢٠٢٠، ١٠٦).

لەم باسەوە دەردەکەوێت، ئەرکی پەروەردەی ڕەوشتی دروستکردنی هاوبەستەیی و گونجانی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگادا. بە جیاوازی کۆمەڵگاکانیش ئەو نۆرم و بەها و یاسا ڕەوشتییانە دەتوانن ئەو هاوبەستەیی و گونجانە بەدیبهێنن. لە کۆمەڵگای کۆندا ئاین ڕۆڵی بونیادی پەروەردە ئەخلاقی هەبوە، هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی بەدیهێناوە، بەڵام لە کۆمەڵگای تازەدا قوتابخانە ئەو ئەرکە بەجێدێنێت. لە ڕێگەی پەروەردەوە دەتوانرێت، لە ناخی تاکەکاندا مەیلێکی قوڵ، جۆرێک لە ڕوانگەی ڕۆح دروست بکات کە ئاراستەی بکات بەرەو مرۆڤ بون. چونکە بە بۆ بون بە مرۆڤ هەر ئەوە بەس نییە کە هزر بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە بیرۆکە تەیار بکرێت، پێویستە پێش هەمو شتێک شێوازێکی بیرکردنەوە و هەستی مرۆڤانە بەدەستبهێنرێت، کە کۆمەڵگا و بەرژەوەندی گشتی لەسەرو هەستی تاکایەتی و بەرژەوەندی خودی ببینێت، درک بەوەش بکات کە دواجار ئەمە بە سودی خۆشی تەواو دەبێت.

٦. سودی دیدگای دۆکهایم لە پەروەردەی ڕەوشتی بۆ کۆمەڵگای تازە و کۆمەڵگای کوردی:

دۆرکهایم ئارگیومێنتی ئەوە دەکات، کە لە کۆمەڵگای ئێستای ئاڵۆز و پێشکەوتوی پیشەسازیدا، قوتابخانە ئەرکێکی گەورە و گرنگتری لەسەر شانە کە لە ڕێگەی خێزان و گروپی هاوڕێ و هاوتەمەنانی ناتوانرێت بەجێبهێنرێت. چونکە لە

ڕێگەیەوە تاک وا باردەهێنرێت کە خزمەت بە تەواوی کۆمەڵگا بکات، نەک تەنیا خۆد و خێزان و خزم و هاوڕێیانی، وە لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە یاساکانی قوتابخانەوە فێری ڕێزگرتن، لە یاسا گشتییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی ببێت ( Haralambos, 2004, 173).

قوتابخانە بە "ئامرازی ڕێکخراوی پەروەردەی نیشتمانی" و گونجاوترین دامەزراوە بۆ چاندنی ئەخلاق لەسەر بنەمای عەقڵانی دەزانێت کە ژیانی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن پێویستی پێیەتی. سیستەمی قوتابخانە و دیسپلینی پەیڕەوکراو تێیدا، منداڵ فێری پابەند بون بۆ یاسا گشتی و پوختەکان دەکات، کە دۆرکهایم بە توخمی یەکەم و بنەڕەتی ژیانی ئەخلاقیی دادەنێت (دورکایم، ٢٠١٥، ١٨). هاوکات تا دامەزراوە پەروەردەییەکان چالاکترین ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگا باشتر ئامادەدەکرێن بۆ ملکەچ بون. بە پێچەوانەوە گیانی تاکگەرایی خودپەرستی بەسەریاندا زاڵ دەبێت، لەو دۆخەشدا بەگوێرەی ویست و ئارەزوە تایبەتەکانییان هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو هەڵسوکەوتە دور لە پێوەرە ئەخلاقی و ڕێسا کۆمەڵایەتییانە دەبێتە هۆی دروستبونی پەشێوی لە کۆمەڵگادا.((Coser, 1996, 129

دۆرکایم ئەخلاقی لە ئاسمانەوە هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی، باسی لە بنەمای مرۆیی ئەخلاق کرد، کە هەوڵدەدات خەڵک فێربکات بە قەناعەت و باوەڕەوە پەیڕەوی بکەن. ئەم ئاراستە مرۆییە لە بنەڕەتدا ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەکانی دیکەوە ڕێکدەخات: خزم، دراوسێ، هاوکار، هاوڵاتی، تەواوی مرۆڤ کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات یان بیرورا دەربارەیان دەدات یان هەڵوێستێکیان لێوەردەگرێ(دورکایم، ٢٠١٥، ١٨).

لە کۆمەڵگای تازەدا کە کۆمەڵگای ئۆرگانی و فرە پێکهاتەیە، تاککەرایی سیمای دیاریەتی، تێیاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوسۆزی لاواز دەبێت، بەرژەوەندییە تایبەتییەکان زۆر زیاتر پێش بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکەون، هەر ئەوەش چاوچنۆکی مرۆڤ زیاتر دەکات، لەو دۆخەشدا کۆمەڵگا بەرەو پەتەوازەیی دەچێت. بە دیدگای دۆرکهایم شارێگەی چارەسەری ئەو دۆخە پەروەردەیە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە پابەندی تاکەکان بە یاسا و ڕێسا و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە نەوەی تازە بگەیەنرێت، هاوکات پەروەردە دەتوانێت کۆمەڵێک بەهای باڵای وەکو (دادپەروەری، هاوکاری، ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی دیکە) لە ناخیاندا بچێنرێت، بە جۆرێک کە پابەندبون بەو یاسا و بەهایانە وەکو ئەرکێک ببینن نەوەکو لەبەر لێپرسینەوە و سزا، واتە هەست بە ئاسودەیی و خۆشی بکەن لە پابەندییان پێیانەوە.

بۆ کۆمەڵگای کوردیش کە لەلایەکەوە جودا نییە لەو تەوژمی سیستەمی سەرمایەداری و تاکگەراییەی کۆمەڵگای تازە ڕوبەڕوی بوەتەوە، لەلایەکیتریشەوە فرەپێکهاتەیە و پڕە لە جیاوازی و ئاینی و ئیتنی، گرنگیدان بە ڕەوشت و پەروەردەکردنی تاکەکان لەسە بەها باڵاکان و پابەندبون بە یاساکان کە لە بەرژەوەندی گشتیدان،گیانی هاوکاری و هاوسۆزی و مرۆڤدۆستی، پێکەوە ژیان و هاوبەشی و هاوبەستەیی بەدیدێنێت.

پەروەردەی ڕەوشتی دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە پێکەوەبەستنی تاکەکان و کەمکردنەوەی دابەشبونە ناوخۆییەکان، گیانی پەیوەستبون بە ناسنامەی کوردی هاوبەش، بەها کلتورییەکان و بەرژەوەندی نەتەوەیی پەرەپێبدات. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوتر و چالاکتر، کە بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕوبەڕوی ئاستەنگەکانی وەک دابەشبونی خێڵەکی و ئایدۆلۆژیای جیاواز ببێتەوە.

پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی تاک بۆ کردەوەکانی و پابەندبون بە یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتن لە هۆکاری پشت یاساکان، لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی و لاوازی دامەزراوەییەوە ڕوبەڕوی ئاڵۆزی

بوەتەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت کۆنترۆڵکردنی ئارەزو و هاندانە خۆپەرستییەکان و کەمکردنەوەی لادان و تاوان و بێسەروبەری لە کۆمەڵگادا.

### ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. ڕەوشت ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە، هەمو ئەو نۆرم و بەها و یاسایانەن لە کۆمەڵگادا بونیان هەیە و پێویستە لەسەر تاککانی کۆمەڵگا پێوەی پابەندبن.

٢. کردەی ڕەوشتی بەختکردنی هەندێک لە حەز و خواستەکانی تاکە بۆ خزمەتی گشتی و کۆمەڵگا، ئەمەش دواجا بە خزمەتی خودیی و کۆمەڵگا دەشکێتەوە.

٣. پابەندی ڕەوشتی بەشێکی دەرەکییە و لە ڕێگەی یاسا و هێزەوە دەسەپێنرێت و تاکەکان پابەند دەکات. بەشێکی تری ناوەکییە، کە یاسا و نۆرم و بەهاکان دخزێنە ناوەەی تاکەکان، ئەوکات لەبری ترس و هێز لەبەر هەستکردن بە بەرژەوەندی گشتی و هەستکردن بەوە کە چاکە بۆیە خۆیان و کۆمەڵگا پابەنددەبن.

٤. پەروەردەی ڕەوشتی فێرکردن و ڕاهێنانی تاکەکانە لەسەر یاسا و نۆرم و بەها باڵا کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات چاندنی ئەو بەهایانەیە لە ناخیاندا، چونکە لە ڕێگەی پەروەردەو ئەو نۆرم و بەهایانە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەی داهاتو، هۆشیاری یاسایی و فێرکردنیان لە ڕێگەی پەروەردەوە دەبێت.

٥. ئەرکی پەروەردەی ڕەوشتی دروستکردنی هاوبەستەیی و گونجانە لە کۆمەڵگادا، بەمەش ڕێکخسنی کۆمەڵگا بەدیدێت و دور دکەوێتەوە لە نۆرمپەشێوی و پەرتەوازەیی.

٦. پەروەردەی ڕەوشتی لە کۆمەڵگای کۆن بنچینەیەکی ئاینی هەبوە، واتا ئاین میکانیزمی پەروەردەی ڕەوشتی بوە. ئەوان خودا و ئاینی خۆیان داهێناوە و لەسەر کۆمەڵێک هێما و پیرۆزی ڕێککەوتون، تاکیان لەسەر پەروەردە کردوە بەجۆرێک هەست بکەن پەیوەندییان لەگەڵ شتێک لەسەرو خۆیان (خودا) بکەن.

٧. لە کۆمەڵگای تازەدا پەروەردەی سیکۆلار و ئەقڵانی کە دەوڵەت ڕەنگڕێژی دەکات و لە ڕێگەی دامەزراوەی پەروەردەیی و قوتابخانەوە ئاراستە دەکرێت، بە ئامرازی سەرەکی دەزانێت.

٨. پەروەردە لە کۆمەڵگای تازەدا شارێی پەرەپێدانی ڕەوشت و بەها باڵاکانە، کە دەکرێت گیانی مرۆڤدۆستی و هاوکاری هاوسۆزی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان لە ناخی تاکەکاندا بچێنرێت.

٩. لە ڕێگەی پەروەردەوە، دەتوانرێت بەهاکانی خۆشویستنی نیشتمان و یەکگرتویی و گیانی پێکەوە ژیان و هاوبەستەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا پەرە پیبدرێت.

١٠. پەروەردەی ڕەوشتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پێکەوەبەستنی تاکەکان و کەمکردنەوەی دابەشبونە ناوخۆییەکان، کە بتوانێت ئاستەنگەکانی وەک دابەشبونی فرەیی و ئایدۆلۆژیای جیاواز کەمتر بکرێتەوە.

### سەرچاوەکان

بەعلی، فوئاد، (٢٠٠٦): ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی نوی، و. ئەحمەد، زیرەک و عەبدوڵڵا، سنور، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

پیترکیڤیستۆ ، (٢٠٢٢): هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، و. هەورامان فەریق کەریم، چاپی دوەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.

دورکايم، اميل (٢٠١٥)، التربية الاخلاقية، ت. السيد محمد بدوي، المركز القومي للترجمة، القاهرة-مصر.
دورکم، اميل، (٢٠٠٢). جامعەشناسی تربيتي، تاريخ فرهنگ و تربيت در اروپا. ت: محمد مشايخی، شرکت سهامی انتشار، تهران-ايران.
ديلانی، تيم، (٢٠١٦): تيۆرە کلاسيکييەکانی کۆمەڵناسی، و. خاليد شێخی، پەخشانگای بيريار, سەقز.
کۆزەر، لويس، (٢٠٢٠): ژيان و هزری گەورە کۆمەڵناسان (تورشتاين ڤبلن، چارلز هۆرتۆن کولی، جرج هربرت ميد)، بەرگی دووەم، و. هەورامان فريق کريم، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.
کۆهێن، برۆس، (٢٠١٤): بنەماکانی کۆمەڵناسی، و. چەکۆ ئەحمەدی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
موحسنی، مەنوچهر، (٢٠٠٥): کۆمەڵناسی گشتی، و: موسڵح ئێروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

Abraham, M. Francis (2008): Contemporary Sociology: An Introduction to Concepts and Theories, 2nd Edition, Oxford University Press, New Delhi.

Arulsamy, (2013): Philosophical and Sociological Perspectives on Education, Neelkamal Publication, New Delhi, Hyderabad, India.

Coser, Lewis, (1996): Masters of Sociological Thought, Second Edition, Rawat Publication, Jaipur & New Delhi.

Durkheim, Emile, (1938): the division of labor in Society, T: George Simpson, Free press, 1938, , USA.

Durkheim, Emile, (1968): Moral Education, t: Everett K. Wilson & Herman Schnurer, Second Printing, The Free Press, New York.

Durkheim, Emile, (2003): Professional Ethics and Civic Morals, T: Cornelia Brookfield, Routledge. Taylor & Francis Group.

Durkheim, Emile, (2010): Selected Writings, Edited, translated, and With an Introduction by Anthony Giddens, 33rd Printing, Cambridge University press.

Haidt, Jonathan (2012 ): The Righteous Mind: Why Good People Are Divided by Politics and Religion, Pantheon Books, New York-USA.

Haralambos, Micheal, (2004): with Robin Held, Sociology: Themes and Perspectives, Twenty-sixh Impression, Oxford University press, New Delhi,.

Mohan, Ventaka, (2014): Sociological Thought: In the Light of J. Krishnamurti's Philosophy, 2nd Editon, Neelkamal Publications, New Delhi, Hyderabad.

اميری، سيدرضا صالحی و دولت آبادی، امير عظيمی، (٢٠٠٩):آموزش پرورش و انسجام اجتماعی: بررسی موردی نظريەی اميل دورکيم، رشد آموزش علومی اجتماعی، دوره ١٣، شماره ١، پاييز.